# ئایا کۆدەنگی زانایان هەیە لەسەر دروستی گەردنگیری وتەقلیدی تەواو بۆ یەکێک لە چوار مەزهەبەکە ؟

# هل انعقد إجماع على جواز التقليد التام لأحد المذاهب الأربعة

< kurdish - كردي - کوردی >

بەشی زانستی لە سایتی ئیسلام پرسیار ووەڵام

القسم العلمي بموقع الإسلام سؤال وجواب

وەرگێرانی: دەستەی زمانی کوردی لە ماڵپەری ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# ئایا کۆدەنگی زانایان هەیە لەسەر دروستی گەردنگیری وتەقلیدی تەواو بۆ یەکێك لە چوار مەزهەبەکە؟

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەری ئیسلام پرسیار و وەڵام کراوە:

**پرسیار** : ئایا لە سەدەی سێهەمی کۆچیدا کۆدەنگی زانایان لەبارەی دروستی گەردنگیری تەواو بۆ یەکێك لە چوار مەزهەبە هەیە ؟ وە ئایا مەبەست لەم ئایەتانەی خوارەوە چیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُوْلِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللهِ وَالرَّسُولِ ﴾ [ النساء : 59]. چونکە من خوێندومەتەوە کە ئەم ئایەتە ئاماژەیە بۆ گەردنگیری بە یەکێك لە چوار مەزهەبەکەوە، وە ئەو فەرمانەیش کە لەبەشی دووەمی ئایەتەکەدا هاتووە تایبەتە بە ئەهلی ئیجتهادەوە نەك بە گشت خەڵکیەوە، وە ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە تەنها زانایان دەتوانن لە مانا و مەبەستی ئایەتەکان تێ بگەن ؟ وە غەیری زانایان واجبە لەسەریان کە گەردنگیر و تەقلیدی یەکێك لە چوار مەزهەبەکە بکەن ؟.

**وەڵام** : سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی کوڕی عەبدوڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە.

واجبە نیە لەسەر هیچ موسڵمانێك کە گەردنگیری مەزهەبێکی دیاریکراوی ناو چوار مەزهەبەکە وغەیری ئەوانیش ببێت، وە دروست نیە بۆ هیچ کەسێك لە دینی خوادا گەردنگیر و تەقلیدی هیچ کەسێك بکات، بەشێوەیەك لەهیچ شتێکی گەورە و بچوکدا سەرپێچی بکات.

لەم بارەیەشەوە شێخ شەنقیطی ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لە تەفسیری ( الاضواء البیان ) دا ووتویەتی : " وَأَمَّا نَوْعُ التَّقْلِيدِ الَّذِي خَالَفَ فِيهِ الْمُتَأَخِّرُونَ الصَّحَابَةَ وَغَيْرَهُمْ مِنَ الْقُرُونِ الْمَشْهُودِ لَهُمْ بِالْخَيْرِ، فَهُوَ تَقْلِيدُ رَجُلٍ وَاحِدٍ مُعَيَّنٍ دُونَ غَيْرِهِ ، مِنْ جَمِيعِ الْعُلَمَاءِ ، فَإِنَّ هَذَا النَّوْعَ مِنَ التَّقْلِيدِ لَمْ يَرِدْ بِهِ نَصٌّ مِنْ كِتَابٍ وَلَا سُنَّةٍ ، وَلَمْ يَقُلْ بِهِ أَحَدٌ مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، وَلَا أَحَدٌ مِنَ الْقُرُونِ الثَّلَاثَةِ الْمَشْهُودِ لَهُمْ بِالْخَيْرِ، وَهُوَ مُخَالِفٌ لِأَقْوَالِ الْأَئِمَّةِ الْأَرْبَعَةِ رَحِمَهُمُ اللَّهُ ، فَلَمْ يَقُلْ أَحَدٌ مِنْهُمْ بِالْجُمُودِ عَلَى قَوْلِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مُعَيَّنٍ دُونَ غَيْرِهِ، مِنْ جَمِيعِ عُلَمَاءِ الْمُسْلِمِينَ، فتقْلِيدُ الْعَالِمِ الْمُعَيَّنِ مِنْ بِدَعِ

الْقَرْنِ الرَّابِعِ ، وَمَنْ يَدَّعِي خِلَافَ ذَلِكَ ، فَلْيُعَيِّنْ لَنَا رَجُلًا وَاحِدًا مِنَ الْقُرُونِ الثَّلَاثَةِ الْأُوَلِ ، لْتَزَمَ مَذْهَبَ رَجُلٍ وَاحِدٍ مُعَيَّنٍ ، وَلَنْ يَسْتَطِيعَ ذَلِكَ أَبَدًا ; لِأَنَّهُ لَمْ يَقَعِ الْبَتَّةَ " [ الأضواء البيان : 7 /307].

واتا : سەبارەت بەو گەردنگیری و تەقلیدەی کە زانایانی دواین موخالەفەی هاوەڵانی بەرێز وغەیر ئەوانیشان کردووە لەو سەردەمانەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) شاهیدی خێری بۆ داون، ئەوەیە :گەردنگیری و تەقلیدی کەسێکی دیاریکراو بەبێ هیچ کەسێکی تر لەتەواوی زانایان، ئەمە ئەو تەقلیدەیە کە هیچ بەڵگەیەکی لە قورئان وسوننەت لەسەر نیە، وە هیچ کەسێکیش لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) و ئەو سێ سەردەمەیش کە شاهیدی خێریان بۆ دراوە نەیانووتوە ..

وە ئەم ووتەیە پێچەوانەی ڕاو بۆچونی پێشەوای هەر چوار مەزهەبەکەیە (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ) چونکە هیچ کەسێك لەوان نەیانوتوە کە مرۆڤ جمود و گەردنگیری ووتە و ڕای تاکە کەسێك بێت و رای کەسانی تر لە تەواوی زانایانی موسڵمان هیچ نەبێت بەلایەوە .

گەردنگیری و تەقلیدی زانایەکی دیاریکراو یەکێکە لە بیدعە وداهێنراوەکانی سەدەی چوارەمی کۆچی، وە هەرکەسێکیش بانگەشەی هەر شتێك دەکات لەم بارەیەوە ئەوا با یەك کەسمان پێ بڵێت لەو سێ سەردەمەی کە باسمان کردن کە گەردنگیر وتەقلیدی یەکێك لە زانایانی کردبێت ؟ بێگومان ناتوانێت ناوی کەسێکمان پێ بڵێت، چونکە هیچ شتێکی وا ڕووی نەداوە ..

پێشەوایانی ئیسلام ( خوایان لێ ڕازی بێت ) ڕێگریان کردووە لەوەی خەڵکی گەردنگیر و چاولێکەری ئەوان بن، ئەوتانێ ئیمامی ئەحمەد (ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) ووتویەتی : " لَا تُقَلِّدْنِي وَلَا تُقَلِّدْ مَالِكًا وَلَا الثَّوْرِيَّ وَلَا الْأَوْزَاعِيَّ ، وَخُذْ مِنْ حَيْثُ أَخَذُوا" ، وَقَالَ أيضا : "مِنْ قِلَّةِ فِقْهِ الرَّجُلِ أَنْ يُقَلِّدَ دِينَهُ الرِّجَالَ" [ إعلام الموقعين عن رب العالمين 139/2 ] .

واتا : تەقلید و چاولێکەری من و چاولێکەری مالیك وثەوری و ئەوزاعی مەکەن، ئەوان لەکوێوە وەریان گرتووە ئێوەیش لەوێوە وەری بگرن، هەروەها ووتویەتی : لە کەمی تێگەیشتنی پیاوە کە لە کاروباری ئاینەکەیدا گەردنگیر و تەقلیدی خەڵکی بێت .

لەم بارەیەوە پرسیاریش کرا لە شێخ الاسلام ابن تیمة (ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) : ئایا گەورە و زانایانی ئاینەکەمان ( خوا لەهەموویان ڕازی بێت ) چیان ووتوە لە بارەی ئەو کەسەوە کە

پرسیاری لێدەکرێت ئایا مەزهەبەکەت چیە ؟ ئەویش وتویەتی : ( موحەمەدی ) مەبەست لێی : شوێن قورئان وسوننەتی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم )، پێیان ووت : پێویستە هەموو باوەڕدارێك شوێن مەزهەبێکی دیاریکراو بکەوێت، وە ئە کەسەی کە مەزهەبی نەبێت شەیتانە ..

ئەویش ووتی : ئایا مەزهەبی ئەبو بەکری صدیق و خەلیفەکانی دوای ( خوایان لێ ڕازی بێت ) ئەو چی بوو ؟

ووتیان : نابێت و ناکرێت ئیلا دەبێت شوێن مەزهەبێك لە مەزهەبەکان بکەویت، ئایا ووتەی کامیان ڕاستر ودروسترە ؟

ئەویش لەوەڵامدا ووتی : الحمد لله ، إنما يجب على الناس طاعة الله والرسول، وهؤلاء ـ أولو الأمر الذين أمر الله بطاعتهم في قوله : ( أطيعوا الله وأطيعوا الرسول وأولي الأمر منكم ) : إنما تجب طاعتهم تبعا لطاعة الله ورسوله ، لا استقلالا ، ثم قال: ( فإن تنازعتم في شيء فردوه إلى الله والرسول إن كنتم تؤمنون بالله واليوم الآخر ذلك خير وأحسن تأويلا )، وإذا نزلت بالمسلم نازلة فإنه يستفتي من اعتقد أنه يفتيه بشرع الله ورسوله ، من أي مذهب كان ، ولا يجب على أحد من المسلمين تقليد شخص بعينه من العلماء في كل ما يقول ، ولا يجب على أحد من المسلمين التزام مذهب شخص معين غير الرسول صلى الله عليه وسلم ، في كل ما يوجبه ويخبر به ؛ بل كل أحد من الناس يؤخذ من قوله ويترك ، إلا رسول الله صلى الله عليه وسلم ، واتباع شخص ، لمذهب شخص بعينه ، لعجزه عن معرفة الشرع من غير جهته : إنما هو مما يسوغ له ، ليس هو مما يجب على كل أحد إذا أمكنه معرفة الشرع بغير ذلك الطريق ؛ بل كل أحد عليه أن يتقي الله ما استطاع ، ويطلب علم ما أمر الله به ورسوله ؛ فيفعل المأمور ، ويترك المحظور. والله أعلم " [ مجموع الفتاوى، 208/20 – 209 ] .

واتا : سوپاس بۆ خوای کەورە ،،،، دەبێت خەڵکی گوێڕایەڵی و گەردنگیری خوا و پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بن ، ئەو وەلی ئەمرانەیشی کە خوای گەورە فەرمانی کردووە گوێڕایەڵی کردنیان، لەو ئایەتەی کە هاتووە : بێگومان ئەو وەلی ئەمرانە گوێڕایەڵی کردنیان پەیوەستە بە گوێڕایەڵی ئەوان بۆ خوا وپێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم )، نەك بە سەربەخۆی گوێڕایەڵ بوونیان ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿فإن تنازعتم فى شىء فردوه إلى الله والرسول إن كنتم تؤمنون بالله واليوم الآخر ذلك خير وأحسن تأويلا ﴾ .

جا ئەگەر هاتوو کەسێك پرسارێکی لا دروست بوو، ئەوا دەبێت پرسیار لە زانایەك دەکات کە پێی وایە ئەو زانایە بە پێی شەرعی خوا وپێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەتوای بۆ دەدات، جا ئیتر بە پێی هەر مەزهەبێك بێت گرنگ نیە، وە دەبێت بزانین کە واجب نیە لەسەر هیچ کەسێك گەردنگیر و تەقلیدی یەکێك لەزانایان ببێت لەتەواوی ئەو شتانەی کە دەیڵێت، وە واجب نیە لەسەر هیچ موسڵمانێك کە خۆی پابەندی مەزهەبێکی دیاریکراو بکات لە تەواوی ئەو ڕاو بۆچونانەی کە دەیڵێت و هەڵیان دەبژێرێت، غەیری پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم )، نەك هەر هێندە بگرە هەموو کەسێك ووتەی لێ وەردەگیرێت و ووتە وڕاو بۆچونیشی دەدرێتە دواوە، جگە لە ووتە و فەرموودەی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) .

شوێنکەوتنی کەسێکیش بۆ مەزهەبێکی دیاریکراو، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو کەسە توانای ئەوەی نیە شارەزای شەرعی خوا ببێت، بۆیە وای لێدێت ئەو کەسە کە شوێن مەزهەبێکی دیاریکراو بکەوێتو ئەگینا واجب نیە لەسەر کەسێك کە توانای ئەوەی هەبێت  لە شەرعی خوا تێ بگات و شارەزای ببێت، بۆیە واجبە هەموو کەسێك بەپێی توانای خۆی تەقوای خوای هەبێت، بۆ ئەمەش پێویستی بە زانستێك هەیە کە تێ بگات خوا و پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمانیان بەچی کردووە ؟ ئەنجامی بدات، وە ڕێگریشیان لەچی کردووە وازی لێ بهێنێت، خوای گەورەش زاناترە ..

پێشوتر ڕوونمان کردەوە ئەو کەسەی کە توانای (استنباط ) ودەرهێنانی حوکمەکانی هەیە لە قورئان وسوننەت ئەوا هەروەك چۆن زانایانی پێشووتر (اسنباط)یان کردووە وئەحکامەکانیان لەو دوو سەرچاوەیەوە هەڵگۆزیوە ئەمیش بەو شێوەیە دەکات، وە دروست نیە بۆی کە گەردنگیر و تەقلیدی هیچ کەسێك بکات، بەڵکو ئەوەی بە هەق وڕاستی دەزانێت وەری دەگرێت، بەڵام ئەو حوکمانەی کە پێویستن وناتوانێت خۆی لێیان تێ بگات و (استنباط) بکات دروستە بۆی کە گەردنگیر و تقلیدی کەسێکی تر بکات ..

سەبارەت بەو ئایەتەیش کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا ﴾ [ النساء : 59 ] .

واتا : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، فەرمانبەردارو گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرو فەرمانڕەواکان بکەن کە لە خودی خۆتانن (لە بیروباوەڕو پابەندیدا )، خۆ ئەگەر لە شتێکدا بوو بەکێشەتان دەربارەی حوکمی خوایی، ئەوە ئەو کێشەیە بگێڕنەوە بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلم) (کە قورئان و سوننەت دەگەیەنێت)، ئەگەر ئێوە باوەڕتان بەخواو بە ڕۆژی قیامەت هەیە، (ڕەفتارکردنتان) بەو شێوەیە چاکترین و جوانترین سەرچاوەیە بۆ چارەسەری کێشەکانتان.

هیچ بەڵگە و ئاماژەیەکی تێدا نیە کە بەڵگە بێت لەسەر گەردنگیر و تەقلید کردنی چوار پێشەوای سەر مەزهەبەکان، بەڵگو فەرمانی تێدایە کە مرۆڤی باوەڕدار طاعەت وگوێرایەڵی خوای و پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) و وەلی ئەمر وکاربەدەستی موسڵمانان بن، ئەو کاربەدەستانەی کە حوکم بەوە دەکەن کە لە لایەن خواوە دابەزیووە، هەروەها گوێرایەڵی زانایانی ئیسلام بن، ئەو زانایانەی کە شوێن فەرمانەکانی خوا دەکەون، بەبێ ئەوەی دیاری کرا بێت کە شوێن چی زانایەك بەدیارکراوی بکەویت، ئیمامی بەغەوی ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لە تەفسیری (أولي الامر) دا ووتویەتی: عەبدوڵای کوڕی عەباس و جابری کوێ عەبدوڵا ( خوایان لێ ڕازی بێت ) ووتیانە : مەبەست لێی فوقەها و زانایانی ئاینی یە، ئەو زانایانەی خەڵکی فێری تەعالیمی ئاینەکەیان دەکەن، ئەمەش ووتەی هەریەك لە حەسەن وضەحاك و موجاهیدە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو ئایەتەی ترە کە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَى أُولِي الْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنْبِطُونَهُ مِنْهُمْ ﴾ [ النساء : 83 ] ، واتا : خۆ ئەگەر ئەو هەواڵەیان بڵاو نەکردایەتەوە و بیانگێڕایەتەوە بۆلای پێغەمبەرو (صلی الله علیه وسلم)، یان بۆ لای ئەو زانایانەی کە لە خۆیانن، ئەوە ئەوانەی کەلە نهێنی هەواڵەکان تێدەگەن و دەکۆڵنەوە، نهێنی و ڕازەکانیان لێ دەردەهێنا، جا ئەگەر فەزڵ و چاودێری خواو ڕەحمەت و میهرەبانیەکەی نەبوایە شوێنی شەیتان دەکەوتن، جگە لە کەمێکتان .

ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) ووتویەتی: مەبەست لە ( أولو الامر ) ئەمیر و کاربەدەستەکانە، وە عەلی کوڕی ئەبو طالب یش ووتویەتی : واجبە لەسەر ئیمام وکاربەدەستی موسڵمانان کە حوکم بەوە بکەن کە خوای گەورە ناردویەتیە خوارەوە، و ئەمانەتی سەرشانی خۆی جێ بەجێ بکات، جا ئەگەر ئەوەیان کرد ئەوا واجبە لەسەر هاوڵاتیان و ژێر دەستەکانیشان ببیستن وگوێرایەڵیان بن .

سەبارەت بە ئایەتی: ﴿ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا ﴾ [ النساء : 59 ] .

واتا : خۆ ئەگەر لە شتێکدا بوو بەکێشەتان دەربارەی حوکمی خوایی، ئەوە ئەو کێشەیە بگێڕنەوە بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلم) (کە قورئان و سوننەت دەگەیەنێت)، ئەگەر ئێوە باوەڕتان بەخواو بە ڕۆژی قیامەت هەیە، (ڕەفتارکردنتان) بەو شێوەیە چاکترین و جوانترین سەرچاوەیە بۆ چارەسەری کێشەکانتان.

ئەم ئایەتە ڕووی لە هەموو کەسێکە کە توانای ئەوەی هەیە سەرنجی بەڵگەکان بدات و حوکمیان لێوە هەڵگۆزێت، بەڵام ئەو کەسەی کە ئەو توانایەی نیە، ئەوە دەبێت پرسیاری زانایان و ئەهلی عیلم بکات و وکار بە فەتوای ئەوان بکات .

ئامودی ش ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) ووتویەتی: " **العامي، ومن ليس له أهلية الاجتهاد، وإن كان محصلا لبعض العلوم المعتبرة في الاجتهاد** : **يلزمه اتباع قول المجتهد ، والأخذ بفتواه عند المحققين من الأصوليين** " [الإحكام في أصول الأحكام, 228/4] .

واتا : کەسی نەخوێنەوار و ڕەشۆکی ( نەخوێنەوار بە مانای ئەوەی کە ئەهلی ئیجتهاد نەبێت ) و توانای ئیجتهادی نیە، ئەگەر چی هەندێك زانستی لەو زانستانەش خوێند بێت کە بۆ موجتەهید پێویستە ئەوا دەبێت شوێن ووتەی زانایانی موجتەهید بکەوێت، و کار بە فەتوای ئەوان بکات، ئەمەش ڕای زانایان و موحەقیقینی ئوصولیە.

خوای گەورەش زاناترە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام ..